گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1478 (PP 383-396)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.18

توێژینەوە

# ڕۆڵی شێوازە نادروستەکانی پەروەردەی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵان ( توێژیەویەکی تیۆری شیکارییە.)

**گوڵان جمال جلال /** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**زانا احمد پیرداود /** بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

## پوختە

خێزان بە گرنگترین کەناڵەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت، کە لەمیانیدا مرۆڤ لە بونەوەرێکی ئۆرگانی دەکرێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە فێری یاسا و بەها و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها سۆز و خۆشەویستی و پیداویستیەکانی پێدەبەخشێت تاکوبتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ، بۆیە لە کاتی بوونی هەر کەم و کوریەک و کەمتەرخەمیەک لەلایەن باوانەوە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مێرمنداڵان دووچاری ڕەفتاری لادان و تاوانکاریان دەکاتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیە لە ڕیگەی میتۆدی شیکاری وەسفی هەوڵدراوە تیشک بخریتەسەر پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە بریتیە لە روونکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەیە لە نێوان شیوازە نادروستەکانی مامەلەی خێزانیو رەفتاری لادەرەانەی میردمنالان ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشکخستنە سەر شیوازە نادروستەکانی پەروەدەی خێزانیە وەک شێوازی دەسەڵاتخوازی، ڕەتکردنەوە، دڵڕەقی، دوورخستنەوە ، فەرامۆشکردن زیادە پاراستن، زیادە نازپێدان، لێبوردنی ڕادەبەدەر جیاکاری و شێوازی توندوتیژ، کە ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی لادانی مێردمندالان ، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دەردەکەوێت کە باسی بابەتێکی زانستی و مەعریفی گرنگ دەکات کە دیاردەیەکی زیندوو و پەیوندیدارە بەژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ هۆشیارکردنەوەی باوان و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەم دیاردەیە بەمەبەستی نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی لادانی مێردمنداڵان.

CORRESPONDENCE
گوڵان جمال جلال
gulan.jalal@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/09/03
پەسندکردن 2023/11/09
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕۆڵ،
خێزان،
پەروەردەی نادروست،
لادان،
مێردمندال.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

خێـزان دامەزراوەیەکـی کـۆمەڵایەتییە، ئەرکـی سـەرەکی دانـانی بنـاغەی بونیـادی کـۆمەڵایەتی کۆمەڵگـایە، واتە ئەو سـەقامگیری و پێشکەوتنەی کە بەشێک لەکۆمەڵگاکان هەیانە لەڕێگەی شێوازی پەروەردەی باوانەوە لە خێزانـدا بەرهەم دێـت و پێشکەشـی کۆمەڵگا کراوە، بۆیە کاتێک باوان شێوازی مـامەڵەی نادروسـت لە پەروەردەکردنـی نەوەکانیـان پەیـڕەو دەکەن ڕۆڵـی خـراپ لەسـەر کەسایەتی مێردمنداڵان دروست دەکەن، قۆناغی تەمەنی مێردمنداڵیش قۆناغێکی گرنگ و هەستیارە بۆ کۆمەڵگا، ڕەنگە ببێـتە هـۆی دروسـتبوونی ڕەفتاری لادان و تاوانکـاری، ئەمەش ڕاسـتەوخۆ کـار لەسـەر ئاسـایش و سـەقامگیری کـۆمەڵایەتی کۆمەڵگـا دەکـات. هەر ئەمەش وای کـردووە بـابەتی شـێوازەکانی پەروەردەی نادروسـتی خێزانـی و ڕۆڵـی لەسـەر لادانـی مێردمنـداڵان جێگـای بـایەخی پسـپۆڕانی بـواری کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێت.

لەو کۆمەڵگایانەی سیستەمی پەروەدەیی فەرمی بەشێوەیەکی زانستی ڕێکنەخراوە، دیاردەی لادانی مێردمنداڵان یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورە و مەترسیدارەکانی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگاکە، بەهۆی ئەو ئاسەوارە خراپانەی مێردمنداڵان بـۆ داهـاتووی خـۆی و پێکهـاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دروستی دەکـات، مێردمنـداڵان بەگشـتی پێویسـتییان بە چـاودێری باوانیـان هەیە بـۆ مەبەسـتی پەروەردەکـردن و بەدەسـتهێنانی پێداویسـتییە (جەسـتەیی، دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکـان)، بەڵام کاتێـک باوانیـان شـێوازی پەروەردەی نادروسـت بەکـاردەهێنن وەک (دەسـەڵاتخوازی، ڕەتکـردنەوە، دڵڕەقـی، فەرامۆشـکردن، دوورخسـتنەوە، نازپێـدانی زۆر، لێبـوردنی ڕادەبەدەر، جیاکاری، توندوتیژی، پاراستنی زیادە، ناچارکردن) ژینگەیەکی پەروەردەی نادروستی خێزانی بۆ نەوەکانیان دروست دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ تووشبوونی مێردمنداڵان بە ڕەفتاری لادان و تاوانکـاری، بـۆیە لە چوارچێـوەی ئەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵـدراوە تیشـکبخرێتە سـەر پەیوەنـدی بەکارهێنـانی شـێوازەکانی پەروەردەی نادروسـت بە لادانـی مێردمنـداڵان، لەم تـوێژینەوەیەدا میتـۆدی شیکاری وەسفی بەکارهاتووە بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی ڕۆڵی شێوازەکانی پەروەردەی نادروست لەسەر لادانی مێردمنداڵان.

### 1-ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان:

#### 1-1گرفتی توێژینەوەکە:

خێزان بە یەکەمین دەزگای پێگەیاندنی تاکەکان دادەنرێت کە باوان لە ڕێگەی پێـدانی پەروەردەی دروسـتەوە نەوەکانیـان بـۆ ڕەفتـار و ئاکاری شیاو ئاراستە دەکەن، بەڵام ئەگەر خێزان ببێتە گۆڕەپانێک بـۆ پراکتیزەکردنـی جۆرەهـا پەروەردەی نەشـیاو و نادروسـت وەک شێوازی توندوتیژ، دڵڕەقی، دەسەڵاتخوازی، بێگومان دەبێتە سەرچاوەیەکی چاڵاک بۆ دەرخستن و ڕاهێنانی منداڵ لەسـەر ڕەفتـاری نارێک، بۆیە سەرئەنجام مێردمنداڵ هەستی ئاسایش و ئارامی لە خێزاندا لەدەسـت دەدات و قبـوڵکردن و گونجـانی کـۆمەڵایەتی لا قورس دەبێت، لێرەدا گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا شـێوازەکانی پەروەردەی نادروسـتی خێزانـی ڕۆڵـی هەیە لە سەر لادانی مێردمنداڵان؟ پاشان لەڕێگەی ئەم پرسیارەوە چەند پرسیارێکیتری لاوەکیشمان خستۆتەڕوو، کە ئەوانیش بریتین لە:

١-ئایا بەکارهێنانی شێوازەکانی پەروەردەی فەرامۆشکردنی و توندوتیژ جەستەی، زارەکی و هـێمای لەلایـان بـاوان ڕۆڵـی هەیە لەسـەر لادانی مێردمنداڵان؟

٢- ئایا شێوازی پەروەردەی نازپێدانی زۆر لای دایک یان باوک یاخود هەردووکیان ڕۆڵی هەیە لەسەر لادانی مێردمنداڵان؟

٣- ئایا بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی نا دروست وەک ( جیاکاری، دڵڕەقی، فەرامۆشکردن) دەبێتە هۆی فێربوونی ڕەفتار و کـرداری لادان؟

#### 1-2- گرنگی توێژینەوەکە:

بەهۆی گرنگی زۆری ئەو شێوازە پەروەردەیەی باوان لەنێو خێزاندا لەگەڵ منداڵانیان پەیـڕەوی دەکەن ڕەنگـدانەوە لەسـەریان دەبێـت ڕەنگە ببێتە هۆی خراپ بوونی ڕەفتاریان و دروست بوونی کـرداری لادان لەلایـان ، بـۆیە لەڕووی تیـۆریەوە گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە لەوە دەردەکەوێت کە باسی بابەتێکی زانستی و مەعریفی هەستیار و گرنگ دەکـات سـەرەنجام کۆمەڵێـک زانیـاری زانسـتی لەبـواری لادان و تـاوان لەچوارچێـوەی خێـزانەوە وەک سـەرچاوەیەکی زانسـتی دەبەخشـێتە کتێبخـانەی کـوردی. لەگەڵ ئەمەشـدا ئەنجـام و پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ دەزگا کانی کۆمەڵایەتی و ئاسایش کە پەیوەسـتن بەدیـاردەی لادان ، کە ڕێـگە خۆشـکەرە بـۆ ئەم دامە و دەزگایـانە کە بەشـێوەیەکی زانسـتی ڕوو بەڕووی هۆکـاری لادانـی مێردمنـداڵان ببـنەوە بە ئامـانجی قەڵاچۆکردن یاخود بەلایەنی کەم کەمکردنەوەی ئەم دیـاردەیە، یەکێکـی تـر لە گـرنگیە هەرە دیارەکـانی ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لە هۆشیار کردنەوەی باوان و هاندانیان بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی مامەڵە و هەڵسوکەتی گونجا و تەندروست و خستنەڕووی ڕۆڵیەکـانی لە کەمکردنەوەی ڕەفتاری لادانی مێردمنداڵان.

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی ڕۆڵی شێوازەکانی پەروەردەی نادروستی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵان. هەروەک ئەم ئامانجە سەرەکییە چەند ئامانجێکی لاوەکی لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە:

١- ئاشکراکردنی ڕۆڵی شێوازی پەروەردەی توندوتیژی جەستەیی، زارەکی و هێمایی لەلایان باوانەوە لە سەر لادانی مێردمنداڵان.

٢- ئاشکراکردنی ڕۆڵی شێوازی پەروەردەی نازپێدانی زۆر لای باوان لەسەر لادانی مێردمنداڵان.

٣- ئاشکراکردنی ڕۆڵی بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی جیاکاری، دڵڕەقی و فەرامۆشکردن لە سەر لادانی مێردمنداڵان.

**4-1 چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**1-4-1 خێزان (Family):**

"چارلز هورتن کولی ( Charles Cooley) "(١٨٦٤-١٩٢٩) کۆمەڵناسی ئەمریکی خێزان بە یەکەمین و ئایدیالترین نموونە دەزانێ بۆ گرووپە سەرەتاییەکان، گروپێک کە ئەرکی پاراستن و پارێزگاریکردنی مرۆڤ و ئەفرێنەری جوانترین هەستی ناسراوی مرۆڤایەتییە. (کەریم، ٢٠٠٤: ٣٨٠) خێزان پێناسە دەکرێت بەوەی یەکێکە لەخانە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کە زۆرترین سیستەمی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و ئەرکی سەرەکی پەروەردەکردن و پرۆسەی پێگەیاندنی تاکەکانە لەڕێگەی دابینکردنی ئارامی، ئاسایش و پێدانی سۆز وخۆشەویستی و پارێزگاریکردنە لەئەندامانی، هاوکات لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە بایلۆجی و دەروونییەکان. ( B. BARBER,1975: 267 ) "سمير أحمد ألسيد " (١٩٩٣) وا پێناسەی خێزان دەکات پێیوایە بریتییە لە گرنگترین و سەرەکیترین سیستەمی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن مرۆڤەوە دروست کراوە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێکبخات لە پێناو یەکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، وەک ڕێکخراوێک یاخود دامەزراوەیەک بۆ ئامادەکردنی ئەندامانی لەڕێگەی پەروەردەکردن و ئاڕاستە کردنیان بەڕاهاتن و پابەندبوون بە بەها و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگا. ( السيد، ١٩٩٣: ٦٣) هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو وابەستە بە داب و نەریت و یاساوە، بە پەیوەندیەکی تایبەتیش جیادەکرێتەوە کە لەنێوان بەشداربووان و پێکهێنەرەکانی ئەو یەکەیەدا وەک پیاو، ژن و منداڵ، ئەگەر خێزانەکەش گەورە بێت ئەوا پەیوەندییە خزمایەتیەکانیش دەگرێتەوە. (مصطفى، ٢٠٠١: ١٠)

بۆیە دەکرێن لەم توێژینەوەیە پێناسەی خێزان بکەین بەوەی ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییەیە کە لە دایک و باوک منداڵەکانیان پێکدێت، کە ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پاراستنیان لە ئەستۆ دەگرێت، بەئامانجی دروستکردنی توانای گونجانی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی لەگەڵ کۆمەڵگا، بە پێچەوانەوە ئەگەر نەیتوانی بەم ڕۆڵەی هەستێت ئەوا دەبێتە سەرچاوەی تێکدانی ڕەفتاری منداڵەکانیان و لادانیان.

**2-4-1 لادان (Deviance):**

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵناسانی ئەمریکی (١٩٥٠) پێناسەی لادانیان کردووە بەوەی بریتییە لەکۆی ڕەفتاری تاک یان گروپێک لەگەڵ بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە ستانداردەکانی کۆمەڵگا ناگونجێت و بارودۆخێکی گرژ و ناکۆک دروست دەکات، سەرئەنجام سزا و سەرزەنشتکردنی بۆ دادەنرێت. (فيريول، ٢٠١٠: ٧٠). هەروەها " کۆهین ,Cohen "(١٩٦٨) پێیوایە لادان بریتییە لە ڕەفتاری پێچەوانەی پێوەرەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، کە بە ناڕەوا دەناسرێنەوە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی.( Richard, 1968: 23 ) لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵناسان هاوڕان لەسەر ئەوەی لادان بریتییە لەڕەفتارێکی لاساری تاکەکەسی کە پێکهاتەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی و سروشتی ئەکتەرەکان و کۆمەڵێک هۆکاریتر پاڵنەری سەرەکی ئەم ڕەفتارەن، بۆیە لە بنەڕەتدا ڕەفتاری لادان گوزارشتە لەجۆرێک لە نەگونجانی کۆمەڵایەتی بەهۆکاری ماددی یاخود دەروونی بێت، کە مێرد منداڵان بە ئامانجی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان ئەنجامی دەدەن. (قواسمية، ١٩٩٦: ١٦) بەڵام لەڕووی دەروونییەوە لادان بریتییە لەڕەفتاری هەڵەی کەسێک کە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی، لەژێر ڕۆڵی پاڵنەر و هەڵچوونی دیاریکراودا ئەنجامی دەدات، زۆرجار لەپێناو بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود شێوازی ژیانێکی تایبەت و هەوڵدان بۆ یەکخستن و گونجان لەگەڵ گروپێکی دیاریکراو ئەم ڕەفتارە ئەنجام دەدات. (السدحان، ١٩٩٤: ٥١) لەڕووی یاساییەوە "Paul Witappon" پێناسەی لادان دەکات وەک کردارێک یاخود جۆرێک لەهەڵسووکەوت کە ئەنجام دەدرێت، پێویستی بەفەرمانی دادگای هەیە تاوەکو بڕیاری لەسەر بدرێت. (النعامة، ١٩٨٥: ٢١) هەروەها لادان واتە سەرپێچی کەران پێچەوانەی یاسا ڕەفتار دەکەن، هەروەک دەرچوونە لە چوارچێوەی داب و نەریتە گشتییەکان و یاساکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا. (نصر و أخرون، ١٩٩٣: ١٨) لەڕووی ئاینییەوە لادان بریتییە لەئەنجامدانی ڕەفتار و هەڵسووکەوتێک لەدەرەوەی ڕێسا و بەها ئاینییەکان و ئەو بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بنەمای ئاینی لەسەر دانراوە. (السدحان، ١٩٩٤: ٥٢)

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەلادان بریتییە لەو رەفتارەی کە مێردمنداڵێک کە تەمەنی لە (١٨) ساڵ تێنەپەڕێت ئەنجامی بدات بە پێچەوانەی بەها و ڕێساکانی کۆمەڵگا بێت، زیان بە بەرژەوەندییە تایبەتی و گشتییەکان بگەیێنێت، لەهەمان کاتدا یاسای کۆمەڵگاش سزای بدات ئەم ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە نەگونجاوش ڕەنگە هۆکاری پەروەردەی نادروستی خێزان بێت.

**1-4-3- مێردمنداڵ (Juvenile):**

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە مێردمنداڵ ئەو کەسەیە کە لەتەمەنی بچووکیەوە تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و توخمە کۆمەڵایەتییە پێگەیشتووەکانی لەناخی جێگیر دەبن، نا تەبا و ترسناک و شەڕانگێزە. ( الشرقاوی، ١٩٨٦: ٢٢) بەڵام لەڕووی دەروونییەوە پێناسەی مێردمنداڵ دەکرێت بەوەی ئەو کەسەیە لە قۆناغی تەمەنی گەشەی هەستیاری دەروونی، جەستەی و جنسی تەواوەتی هەنگاو دەنێت، کە بەسەر چەند قۆناغێکی جیای تەمەنی دابەشکراوە کە لایەنی دەروونی بەتەواوی پێنەگەیشتوە.(محمد و أبو غزالة، ١٩٨٣: ٢٣٠). " الدوری" (١٩٨٥) دەڵێت مێردمنداڵ ئەو کەسەیە کە ماوەی تەمەنی دیاریکراوە، واتە زاراوەیەکی یاساییە گوزارشت لەتەمەنەکانی خوار(١٨) ساڵ دەکات. (الدوري، ١٩٨٥: ٣) هەروەها یاسای چاودێری مێردمنداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ژمارە (٧٦) لە ساڵی (١٩٨٣) پێناسەی مێردمنداڵ دەکات کە بریتییە لەو کەسانەی تەمەنی (١١) ساڵیان تێپەڕاندووە نەگەیشتوون بە تەمەنی (١٨) ساڵی. ( قانون رعاية الأحداث اقليم كوردستان- عێراق، ١٩٨٣: رقم ٧٦)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین مێردمنداڵی لادەر بریتییە لەو کەسەی کە تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو نەکردووە ڕەفتارێکی ناکۆمەڵایەتی ئەنجامداوە کە بە لادان هەژمار دەکرێت لە کۆمەڵگادا کە بەهۆی پەروەردەی نادروستی خێزانەکەیەوە دووچاری هاتووە.

**2-تیۆری توێژینەوەکە:**

بەکارهێنانی تیۆر لە توێژینەوەی زانستی، بریتییە لە بەکارهێنانی یەکێک لەم تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕەنگدانەوەی یەکێکە لە کایە زانستییەکان و دیاریکردنی شێوازی زانستی وشوناسی تایبەت بۆ توێژینەوە، بۆ ئەوەی یارمەتی توێژەر بدات لە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی و بەهێزکردن و یارمەتیدانی ئەنجامەکان، یان بابەتیکی تیۆری دیاریکراو، لە هەمان کات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەخنە لە ئەنجامی توێژینەوەیەک یان تیۆرێکی کۆمەڵایەتتر بگرێت.

**2- 1 - تیۆری ڕەفتارگەرایی- Behavioral Theory-Behaviorism:**

تیۆری ڕەفتارگەرایی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕەفتارێک لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ ژینگەی دەوەوبەری تاکەکان فێری دەبین. ڕەفتار بریتییە لە کاردانەوەمان بۆ وروژێنەرەکانی ژینگەی دەوروبەرمان. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە تەنها دەتوانرێت گرنگی بە ئەو ڕەفتارانە بدرێت کە دەتوانێت تێبینی بکرێت. لە ساڵی ١٩١٣ زانای دەروونناسی ئەمریکی "جۆن واتسۆن" .John B Watson " (١٨٧٨-١٩٥٨) وتارێکی بە ناونیشانی "دەروونناسی لە ڕوانگەی ڕەفتارگەراییەکانەوە" (Psychology as the Behaviorism views it) بڵاو کردەوە، بە زوویی ئەم وتارە وەک دەست پێکی ڕێبازی ڕەفتارگەرایی ناسرا. (McLeod,2020)

شانبەشانی جۆن واتسۆن چەند زانایەکی تر بەشداریان لە پێشخستنی ئەم تیۆرە کردووە لەوانەش زانای رووسی "ئیڤان پاڤلۆڤ" "Ivan Pavlov (١٨٤٩-١٩٣٦)، هەروەها زانای "ئەمریکی سکینەر" "B. F. Skinner (١٩٠٤-١٩٩٠). سکینەر یەکێک بوو لە زانا کاریگەرەکان لەسەر تیۆری ڕەفتارگەرایی، هەروەها سەر بە تیۆری ڕەفتارگەرایی ڕادیکاڵیشە. ئەو کارەی کە سکینەر زۆر پێی ناسراوە و بۆتە بەشداریەکی هەرە کاریگەر بۆ تیۆری ڕەفتار و دەروونناسی بە گشتی بریتی بوو لە ئەو دۆزینەوانەی سەبارەت بە ڕەفتار و هاندەرانە (Reinforcement) لەسەر کاردانەوەکان و هەروەها ڕۆڵی لە دۆزینەوەی کرداری مەرجدار. جیا لە واتسۆن، سکینەر باوەڕی وابوو کە پێویستە گرنگی بە هەندێک پرۆسەی ناوەکی وەکو بیرکردنەوەکان و هەڵچوونەکانیش بدرێت لەکاتی شیکردنەوەی ڕەفتاردا.

هەروەها سکینەر باس لەوە دەکات کە منداڵ بە چەندین پێداویستی بایلۆجی لە دایک دەبێت و ئەو ڕێگایانەی بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بەکاری دەهێنێت کە لە ڕێگەی خێزانەکەیەوە فێری بووە، بۆیە پێویایە دایک و باوکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری نەوەکانیان، لەهەمان کاتدا گرنگیرین هۆکارن بۆ پشتگیریکردنی منداڵانیان بەهەر شێوازێک بیانەوێت لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە رایان دەهێنن، لەبەر ئەمەش پەیوەندی نێوان مێردمنداڵ لەگەڵ دایک و باوکی بە پەیوەندییەکی هاندان و وەڵامدانەوە دادەنێت لەبەر ئەوەی هەر باوان هانی دەدەن بۆ ڕەفتاری لادان. (السبعاوي، ٢٠١٢: ١٦٣)

پاڤلۆڤ جەخت لەسەر کۆمەڵێک ڕەفتاری فێرکراو دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێک مێردمنداڵان لەڕێگەی پەروەردەی خێزانیانەوە فێری کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێن بەمەبەستی گونجان و ڕاهێنانیان لەگەڵ ڕێسا گشتییەکانی کۆمەڵگا، کە دواتر دەبێتە هۆی دروست کردنی کەسایەتی و دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیان و ئامادەکردنیان بۆ بەستانی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ

ژینگەی دەورووبەر، بێگوومان ئەم پرۆسەی فێرکردنەش لەڕێگەی دایک و باوکیانەوە دەبێت کە کەسایەتی مێردمندالآن بە کارلێک کردن لەگەڵیان دروست دەبێت.

**2-2 -تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی- Social Learning Theory :**

بیرۆکەی ئەوەی کە مرۆڤەکان دەتوانن لە یەکتری فێر ببن و کار لەیەکتری بکەن سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ دەروونناسی ئەمەریکی "جۆن دیوی" John Dewey" (١٨٥٩- ١٩٥٢)، ئەم زانایە یەکەم کەس بوو کە گرنگی زۆری بە فێربووندا. دیوی بیر و هۆشی مرۆڤ وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینی، پێیوابوو بیری مرۆڤ لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و هاریکاریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا گەشە دەکات. بەڵام ئەم تیۆرە یەکەم جار لە لایەن "جولیان رۆتەر" Julian B. Rotter" (١٩١٦-٢٠١٤) دەروونناسی ئەمریکی لە ناوەراستی ١٩٥٠ یەکان گەشەی کرد ، هەر ئەم زانایەش بوو یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٧ ئەم تیۆرەی بەکارهێنا. ) (BAYRAKCI, 2007:14 سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە یەکەمین زانای دەروونناسی کە فێربوونی کۆمەڵایەتی وەك تیۆریەك ناساند زانای کەنەدی- ئەمریکی "ئەلبێرد باندۆرا" Albert Bandura" (١٩٢٥-٢٠٢١) بوو باندۆرا خاوەن چەندین کتێب و توێژینەوەی گرنگە دەربارەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، لە کتێبە هەرە گرنگەکانی ئەم زانایە: توندوتیژی مێردمنداڵ کە لەساڵی ١٩٥٩ بڵاو بووەوە، توندوتیژی- شیکردنەوەیەك لە روانگەی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٧٣، بنەماکانی گۆرانی ڕەفتار لە ساڵی١٩٦٩، لە هەموویان گرنگتر کتێبی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٧٧کە تیادا شێوازی تیۆرەکەی ڕوونەکاتەوە. هەروەها ڕۆڵێکی هەرە گرنگی هەبوو لەسەر گەشەپێدانی ئەم تیۆرە؛ بەجۆرێك ناتوانین باسی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بکەین بەبێ ناوهێنانی ئەم زانایە. لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا.، هەروەها ئەو بۆچوونەی کە پێشتر پێیوابوو کە تاك تەنها لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە و تێبینیکردن فێردەبێت، دواتر پەرەی پێدا و بۆچوونەکەی فراوانتر کرد و بەوەی کە بێجگە لە لاساییکردنەوە و تێبینیکردن، چەند پرۆسەیەکی عەقلانی و مەعریفی وەك: بیرکردنەوە، یادکردنەوە، زمان، پێشبینیکردن و هەڵسەنگاندن ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە ڕەفتاری تاکەکان. ,BAYRAKCI, 2007 ) (200باندۆرا جەخت دەکاتە سەر گرنگی کارلێککردن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو باردۆخەی فێربوون تێیدا ڕوودەدات. واتە بەپێی ئەم بیردۆزە فێربوونی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە بۆشاییەوە ڕوونادات، بەڵکو لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی خێزانی ڕوودەدات. هەموو ئەومێردمندالآنەی دووچاری ڕەفتاری لادان هاتوون لە ڕێگەی فێربوونەوە لە باوانیان یاخود کەسانی دەوروبەریانەوەیە.(قەرەچەتانی، ٢٠٠٨: ١٣٢).

یەکێکی تر لە زانایانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی بیرو بۆچوونەکانی (سندرلاندە , Sutherland ,) (١٨٨٣-١٩٥٠) کە لەساڵی (١٩٤٧) لە بارەی تێکەڵاوبوونی جودایەکان و پەیوەندی بە ڕەفتاری لادان و تاوان پێشکەشی کردووە کە دەکرێت لە چەند خاڵێک کورتیان کەینەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١-ڕەفتاری تاوانکاری و لادان ڕەفتارێکی بۆ ماوەیی نییە بەڵکو لە ڕێگەی تێکەڵبوون و فێربوونەوە وەردەگیرێت، کەواتە ئەو کەسەی مەشقی تاوانی نەکردبێت ناتوانێت ڕەفتاری لادان ئەنجام بدات.

٢- ڕەفتاری تاوانکاری پرۆسەیەکی فێربوونە کە تاك ئەنجامی دەدات لەڕێگەی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا.

٣-لایەنی سەرەکی فێربوونی هەڵسوکەوتی تاوانباری دەگەڕێتەوە ئەو لایەن و گروپانەی ئینتیمای هەیە بۆیان و پەیوەندی توند وتۆڵیان لە نێوان هەیە.(جابر، ١٩٩٠: ١٣٤)

٤- کرداری فێربوونی ڕەفتاری لادان دوو لایەن دەگرێتەوە کە بریتین لە: هونەری تاوانکردن (خۆئامادەکردن، دانانی پلان، ڕێگاکانی ئەنجامدان و چۆنیەتی شاردنەوەی)، کە هەندێکجار زۆر وردە و هەندێکجاریش زۆر ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەو پاڵنەر و مەیلانەی کەسەکە بەرەو رەفتاری تاوانیەکە پاڵ پێوەدەنێت و بیانوی ئەو ڕەفتاری بۆ دەدۆزێتەوە.

٥-تاك لەناو کۆمەڵگادا لەگەڵ دوو جۆر گروپ تێکەڵ دەبێت: (گروپێکی باش) کە پێیانوایە یاساکانی وڵات دادوەریان تێدایە و پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت سەرپێچی نەکرێن؛ (گروپێکی خراپ) کە پێیانوایە یاساکان پووچن و نرخیان نیە پێویستە پێشێل بکرێن و سەرپێچیان لێبکرێت گوێیان پێنەدرێ، مێردمندالآنیش بە هاموشۆکردن لەگەڵیان لێیانەوە فێری ڕەفتاری لادان دەبن.(العجمی، ٢٠٠٦: ٤٠)

٦- تاك بەراورد لەنێوان هەردوو جۆری بۆچوونە باش و خراپەکان دەکات و یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، ئینجا ئەگەر بۆچوونەکانی تایبەت بە لادان و تاوانکاری پەسەند کرد ئەوا دەبێتە تاوانبار.

٧- تێکەڵبوونی کەسەکە بەلایەنی چاك یاخود لایەنی خراپ ڕێژەییەو دەوەستێتە سەر چوار لایەن کەبریتین لە: دووبارەبوونەوە، بەردەوامی، پێشتر و قووڵی).(قادر، ٢٠٠٠: ١٠٩)

٨- فێربوونی ڕەفتاری لادان و تاوانکاری مەرج نییە تەنها لەڕێگەی چاولێکەری و لاسایکردنەوە بێت، بۆ نموونە ئەو مێردمنداڵانەی بۆ پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی گۆمەڵگا فریو دەدرێت، ئەوا لەڕێگەی تێکەڵبوونی ئەو کەسانە ئەمر ڕەفتارە لادانە ئەنجام دەدات بەتایبەت ئەگەر گروپی خێزانی خۆش بن.

٩-ئەگەرچی ڕەفتاری تاوانکاری لە پێناو هەندێ پێویستی ئەنجام دەدرێ، بەڵام ناکرێ بەمر پێویستی و بەها گشتیانە لیکی بدەینەوە، چونکە ڕەفتارە ئاساییەکانیش بۆ هەمان مەبەست ئەنجام دەدرێن بۆ نموونە دز کە دزی دەکات بۆ دەسکەوتنی پارەیە، لە هەمان کاتیشدا کرێکاریش کە کار دەکات بۆ دەسکەوتنی پارەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین بڕ پارەی هۆکاری دزی کردنە.(جابر، ٢٠٠٦: ١٤٠)

لەتوێژینەوەی ئێستاماندا بۆچوونەکانی (باندۆرا و سندرلاند) تێکەڵبوونی جوداییەکان و فێربوونی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لەسەر لادانی مێردمنداڵان. لەچوارچێوەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی ڕۆڵی شێوازەکانی پەروەردەی نادروستی خێزانی لەسەر لادانی مێردمنداڵان وەرگرتووە، ئەمەش هەولێکە بۆ زانینی ڕادەی گونجاوی ئەمر بیروبۆچوونە بۆ شیکردنەوەی لایەنێک لە لایەنەکانی توێژینەوەکەمان بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە لادانی مێردمنداڵان لەڕێگەی فێربوون و لاسایکردنەوە.

**2-3- توێژینەوەکانی پێشوو :**

توێژینەوەی پێشوو یارمەتی توێژەر دەدات لە دۆزینەوەی سەرچاوەی زانستی و دەبێتە هۆکارێک کە متمانەی بەخۆی زیاتر بێت لەوەی کە دەتوانێت توێژینەوەکەی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات و ئاشنای کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێ ببێت بۆ زیاتر سەرکەوتنی توێژینەوەکەی.

**2 - 3-1- توێژینەوەی زانا احمد پیرداود (٢٠١٩)، بەناونیشانی لێکترازانی خێزان و پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دەزگای چاکسازی نەوجەوانان لە شاری هەولێر.**

ئامانجی ئەمر توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی نەبوونی یەکێک لەباوان بەهۆی مردن، کۆچکردن، جیابوونەوە یان فرە ژنیەوە بێت وە پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵانەوە، لەگەڵ ئاشکراکردنی خراپی ئاستی پەیوەندی نێوان دایک و باوک و ڕۆڵی لەسەر لادانی مێردمنداڵان، ڕۆڵی بوونی نموونەی تاوانبار لەنێو ئەندامانی خێزان بە لادانی مێردمنداڵان، لەگەڵ خستنەڕووی ئاستی چاودێریکردنی دایک و باوک بەدواداچوونی یەکەکانی توێژینەوەکە لەدەرەوەی ماڵ دیاریکردنی پەیوەندیان بە لادان و هەبوونی نەخۆشی درێژخایەنی باوان و ڕۆڵی لەسەر لادانی مێردمنداڵان. ئەمر توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی شیکاری وەسفی بەڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی بەستووە و لەهەمان کاتدا سوودی لە میتۆدی بەراوردکاری وەرگرتووە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، زانیاریەکانی لەڕێگەی چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی بەدەستهێناون، قەبارەی یەکەکانی توێژینەوەکەی پێکدێت لەهەموو ئەو کەسانەی لە بەڕێوبەرایەتی دەزگای چاکسازی نەوجەوانانی شاری هەولێر بەند کراون کە لە (٦٨) یەکە پێک دێن، هەروەها گرنگترین ئەو کەرستە ئامارییانەن کە بەکاری هێناوەن بریتین لە ( کاسکوێر، ڕێژەی سەدی و یاسای ناوەندی ژمێری .

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە لێکترازانی خێزان بەهۆی مردنی یەکێک لە باوان یان هەردووکیان یاخود کۆچکردنی یەکێک لە باوان یان هەردووکیان یاخود فرەژنی لەهۆکارەکانی لادانی مێردمنداڵان بووە. لێکترازانی مەعنەوی خێزان بەهۆی خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دایک وباوک یاخود بەهۆی ناکۆکی و بەگژداچوونی نێوانیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە لادانی مێردمنداڵانەوە. بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی هەڵە بەرامبەر مێردمنداڵ ، وەک نازپێدانی زۆر، مامەڵەیەکی توندتیژی و جیاکاری لەنێوانیان، لەهەمان کاتدا پشتگوێ خستنی چاودێریکردنیان لەدەرەوەی ماڵدا هۆکارێکی دیاری لادانی مێردمنداڵانە لە دەزگای چاکسازی نەوجەوانانی شاری هەولێر.

**2-3-2- - توێژینەوەی کامران جوهر عبدالله (٢٠٢١) ، بەناونیشانی ئامادەنەبوونی باوان و ڕۆڵی لەسەر لادانی مێردمنداڵ- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لەشاری هەولێر.**

ئامانجی ئەمر توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی ڕۆڵی ئامادەنەبوونی باوان یان یەکێک لەناو خێزان بەهۆی ( مردن، کۆچکردن، نەخۆشی درێژخایەن، لێک جیابوونەوە (تەڵاق) لەسەر لادانی مێردمنداڵ، لەگەڵ زانینی بەرزترین ئاست لە شێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان لەناو خێزانی مێردمنداڵە لادەرەکان. ئەمر توێژینەوەیە پشتی بەدوو میتۆد بەستووە کە بریتین لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتی و میتۆدی بەراووردکاری، چونکە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بچووکە و دەتوانێت هەموو یەکەکانی توێژینەوەکە وەرگرێت نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە هەموو ئەمر مێردمنداڵانەی لە بەڕێوبەرایەتیی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە ڕەگەزی نێر لە

شاری هەولێر راگیراون.. توێژەر لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی و ئامرازی چاوپێکەوتن زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە. گرنگترین ئەو کەرستە ئامارییانەی بەکاری هێناون بریتین لە SPSS، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێری و دابەشکردنی دووبارەی.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە: دەرکەوتووە زۆربەی مێردمنداڵە لادەرەکان لەو خێزانانەن کە نیشتەجێی شارەکانن لە گەڕەکە میللییەکاندا دەژین، بەهۆی ئالۆزی ژیان لەناو شارەکان و خراپی ژیان لەم جۆرە گەڕەکانە کە لێی دەژین، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ لادانی مێردمنداڵان تێکەڵبوون بە هاوڕێی خراپ و لاسایکردنەوەیان. هەروەها بەرزترین ئاست لەجۆری لادان دزیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بووە. ئاستی کۆچکردنی باوک یان دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان وەک شێوەیەک لەشێوەکانی ئامادەنەبوونی باوان بە ڕێژەی (٤٤٪) کۆچیان بۆدەرەوەی وڵات کردووە، ڕێژەی(٣٦٪) باوک یاخود دایکی مێردمنداڵە لادەرەکان نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە، هەروەها ئاستی مردنی دایک یاخود باوکیان بەڕێژەی (٣٢٪)، ڕێژەی (٢٨٪) باوکی یەکەکانی توێژینەوەکە ژنێکی تریان هێناوە لە هاوسەری یەکەمیان جیابوونەتەوە، ڕێژەی (١٦٪) باوکی یەکەکانی توێژینەوە بەندکراون، کە پەیوەندی بە لادانی مێردمنداڵان هەبوو. دەرکەوت بەپێی پێویست یەکەکانی توێژینەوە چاودێریەکی باش نەکراون لە لایەن باوانیانەوە بەهۆی ئامادەنەبوونی باوان یاخود یەکێکیان لەناو خێزان ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لەسەر لادانی مێردمنداڵان.

### 3- ڕۆڵی شێوازەکانی پەروەردەی نادروست لەسەر لادانی مێردمنداڵان:

وەک ئاشکرایە هەڵسوکەوتی تاک ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ڕۆڵی ژینگەی کۆمەڵایەتی خێزانیەوە، بۆیە ڕەفتاری مێردمنداڵانیش وەک ئەندامێکی خێزانەکەی کاریگەرە بەو شێوازە پەروەردەیەی کە دایک و باوک بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن، واتە هەموو ئەو شێوازە پەروەردەیە نادروستانەی بەکاری دەهێنن ڕۆڵ دەبینێت لەسەر ئەگەری لادانی مێردمنداڵان. (خالد، ٢٠١٧: ٢٠) هەندێکجار خودی خێزانەکە بەهۆی پەروەردەی هەڵەوە دەبێتە هۆکاری سەرەکی لادانی مێردمنداڵان، بەتایبەت کاتێک دایک و باوک بەهۆی نەزانین و کەمی هۆشیارییەوە یاخود بێبەشبوونی باوان خۆیان لە مامەڵەیەکی نەرم و دروست لە باوانیانەوە وایان لێدێت هەمان ڕێگا بەرامبەر منداڵەکانیان بەکار بێنن، بۆیە پەروەردەکردنی مێردمنداڵ بەشێوازێکی نادروست لەڕێگەی بەکارهێنانی مامەڵەی نەشیاو، وەک شێوازی توندوتیژ ، ڕەتکردنەوە و پشتگوێخستن، مێردمنداڵان بەرەو ئاڕاستەیەکی خراپ دەبات ڕەنگە بێتە کەسێکی لادەر و ناکۆک لەگەڵ ڕێسا گشتییەکانی کۆمەڵگا و پابەندی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی نابێت و پێشێلی یاساش دەکات لێرەدا چەندین شێوازی پەروەردەی خێزانی نادروست دەخەینەڕوو کە دەبنە هۆی لادانی مێردمنداڵانەوە:

### 3- 1-شێوازی توندوتیژی:

شێوازی مامەڵەی توندوتیژ بریتییە لەو شێوازەی کە تێیدا باوان هەڵسوکەوت و مامەڵەی توندوتیژ دژ بە مێردمنداڵانیان ئەنجام دەدەن وەک سزادان و ئەشکەنجەدان بە مەبەستی ملکەچکردنیان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز، تۆقاندن و سەرزەنشتکردن. ( Rey Alain, 1993: 1075) ئازار و ئەشکەنجەدانی مێردمنداڵان لەنێوخێزاندا لەلایەن باوانیانەوە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لەسەر کەسایەتی مێردمنداڵان دەبێت، بەو پێیەی ئەو مێردمنداڵە هەر لەسەرەتایی تەمەنیەوە مامەڵەیەکی توندوتیژی لەگەڵ کراوە، بێبەش کراوە لە جوانیەکانی ژیان، بۆیە هەر لەگەڵ پێگەیشتنی کەسایەتیێکی توندڕەوی لێ دروست دەبێت، جگە لە ڕەفتاری توندوتیژی بیر لە هیچی تر ناکاتەوە. (المری و محروس، ٢٠١٧: ٤٠) شێوازی پەروەردەی توندوتیژی خێزانی دوو جۆری هەیە، جۆری یەکەمی بریتییە لە توندوتیژی ماددی پێکدێت لە ئازاردانی جەستەی، کوشتن کە خراپترین و ترسناکترین جۆری توندوتیژیە کەباوان دژی مێردمنداڵانیان ئەنجامی دەدەن، دەستدرێژی سێکسی. هەرچی جۆری دووەمە بریتییە لە توندوتیژی مەعنەوی، ئەویش پێکدێت لە سەرزەنشتکردن، خراپ بەکارهێنانی زارەکی وەک نەفرەت کردن و جنێوپیدان، هەروەها بەند کردن لە ماڵەوە و سنوردارکردنی ئازادی نەوەکانیان یاخود دەرکردنیان لە ماڵەوە. (المطیری، ٢٠٠٦: ١١) زۆربەی کات بەشێک لە دایک و باوکان کاتێک هەست دەکەن بە هەڵسوکەوتەکانیان ناتوانن ئازاری مێردمنداڵانیان بدەن، هەڵدەستن بە دەرکردنی لە ماڵەوە وەک دوا کارتی فشار دژ بە مێردمنداڵان، لەهەردوو دۆخدا شێوازی مامەڵەی توندوتیژی باوان بە یەکێک لە هۆکارە دیار و سەرەکییەکانی لادانی مێرد منداڵان دادەنرێن، چونکە جگە لەوەی کەسایتێکی توندوتیژی لێوە بەرهەم دێنن، ڕێگە خۆشکەریشە بۆ فێربوونی ڕەفتاری توندوتیژ و دوژمنکاری. ئەمەش بەشێکە لە کرداری لادان و تاوان.

توێژینەوەی (نزهة محمد عثمان) کە لە ساڵی (٢٠١٥)، لە ناوچەی (الجدید) پارێزگای (بغداد) ئەنجامدراوە گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕێژەی (٨٤٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی لە مێردمنداڵانی لادەر شێوازی مامەڵەی توندوتیژیان وەک لێدان و ئەشکەنجەدانیان لەگەڵ بە کارهێندراوە لە لایەن باوانیانەوە، بۆیە دووچاری لادان هاتوون. (عثمان، ٢٠١٥: ١٦٨)

### 3- 2-شێوازی دەسەڵاتخوازی:

مەبەست لەم شێوازە پەروەردەییەیە ڕاهێنانی مێردمنداڵانە لەسەر قبوڵکردنی هەر کارو کردەوەیەک کە دایک و باوکان وەک فەرمان و یاسەیەک دەخەنە بەردەم منداڵەکانیان ناچاریان دەکەن بەبێ گفتوگۆکردن پەیڕەوی بکەن، بەبێ ئەوەی ڕێز لە ماندوو بوون و بۆچونیان بگرن بە مەبەستی پیشاندان و سەپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بە منداڵەکانیان، ئەمەش منداڵان بەگشتی و مێردمنداڵان بەتایبەتی دووچاری بارودۆخێکی نەخوازراو دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی دایک و باوکی بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی دەسەڵاتخواز گرنگی بە پێداویستی و ئارەزوەکانی منداڵەکانیان نادەن و دەرگای گفتوگۆکردن و دەربرینی ڕاو بۆچوونەکانیان بە دەم دادەخەن، تەنیا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری مێردمنداڵانیان دەدەن لەرێگەی هێز و دەسەڵاتیانەوە. (الرمادي، ٢٠٠٨: ٥٦) توێژەرانی پەروەردەیی بەگشتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیڕەوکردنی شێوازی دەسەڵاتخوازی بۆ پەروەردەکردنی مێردمنداڵان ڕۆڵی خراپ لەسەر هەڵسوکەوتیان دروست دەکات، چونکە پرۆسە پەروەردەیەکە لە ساردی سۆزداری و جەختکردنەوە لەسەر چەند یاسایەکی سەپێنراو بەسەر منداڵدا پێکهاتووە. (حميد، ٢٠١٠: ٦٦) بۆیە دەکرێت بڵێین بە هۆی سەپاندنی لە ڕادەبەدەری ڕای دایک و باوکان بەسەریان و بەرەنگاربوونەوەی خواستە خودییەکانیان یاخود ڕێگە نەدان بە ڕەفتارێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان، کە هەندێکجار دەگاتە ئاستی هەڕەشەکردن و لێدان و سزادانی جەستەیی، ئەمەش ئاکامی خراپ لەسەر کەسایەتی مێردمنداڵ دروست دەکات وای لێدەکات پەلە بکات بۆ ئەوەی خۆی لەم کەشە خێزانییە نادروستە ڕزگار بکات، دەست دەکات بە ڕەفتاری لادان و تاوانکاری بۆ بەدیهێنانی خواستە بەدی نەهاتووەکانی.

### 3- 3-شێوازی ڕەتکردنەوە:

مەبەست لە شێوازی رەتکردنەوە ئەو شێوازەیە کە مێردمنداڵان لەکاتی مامەڵەکردنی باوانیان هەست بە بێزاری دەکەن لێیان و خواستی لە خۆگرتنی ئەو مێردمنداڵەیان نییە و بە لایانەوە کەسێکی نەخوازراوە، بەتایبەت کاتێک بەشێوەیەکی بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرن و هەستی خۆشەویستی و هاورێیەتی و هاوسۆزی بۆ دەرنابڕن، هەندێکجار وەک سەرچاوەی کێشە و نەهامەتیەکانی سەیری دەکەن و هیوای ئەوە دەخوازن ئەو منداڵەیان نەبووایە، ئەم شێوازە وا لە مێردمنداڵان دەکات ئارەزووی بوونی دایک و باوکی نەمێنێت، کە هەست بە دڵەڕاوکێ و نائارامی دەکات تادەگاتە ئەو ئاستەی متمانەی بەخۆی لە دەست دەدات و لەهەموو کردەوەکانی مەیلی شەڕانگێزی لادروست دەبێت، چونکە بێ ئومێدە لەبوونی باوانی بەتایبەت کە بێبەشیان کردووە لە هەستی خۆشەویستی و ئاسایش، بەمەش گەشەی دەروونی لاواز دەبێت و بەرە و ڕەفتار نا کۆمەڵایەتی و لادان دەبات. (جابر، ١٩٩٨: ٤٢) کاتێک دایک و باوکان منداڵانیان ڕەتدەکەنەوە و دوژمنایەتی بەرامبەریان پیشان دەدەن، بێ بەشیان دەکەن لە سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی، ئەم شێوازە نادروستە لە پەروەردەکردن وا لە مێردمنداڵان دەکات هەست بە ڕق و کینە بکات بەرامبەر بە باوان و خێزانەکەی، ئەمەش زۆر جار وا لە مێردمنداڵ دەکات بکەوێتە دوژمنایەتی کردنی کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی هەست بە هەمان شێوازی ڕەتکردنەوەکە دەکات کە لە خێزانەکەی پێیان بەخشیووە، بۆیە هەوڵی ئەنجامدانی ڕەفتاری لادان و دوژمنکاری دەدەن بە هۆی ڕەتکردنەوەی بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە.( الكتاني، ٢٠٠٤: ٥٥) لەگەڵ ئەمەشدا کاتی پێویست بۆ گرنگی پێدانی مێردمنداڵانیان تەرخان ناکەن پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ فەراهەم ناکەن ، مێردمنداڵان لەم دۆخەدا هەست بە بێبەشبوون دەکەن و ئینتیمایان بۆ خێزان و کۆمەڵگایەکەیان نامێنێت و دوور نیە بیر لەجیابوونەوە لەدایک باوکیان بکەنەوە، بەمەش دووچاری سەر گەردانی و دەربەدەربوون دەبن، هەر بۆیەش ڕێگای نەشیاو خراپ دەگرنە بەر بۆ تێرکردنی پێویستییەکانیان. (قناوي، ٢٠٠٨: ٧٨)

(عبدالكريم قاسم أبوخير) لە توێژینەوەکەیدا کە لە ساڵی (١٩٨٥) لە شاری ( مكة المكرمة) لە وڵاتی سعودیە ئەنجامی داوە گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕێژەی (٤٠٪) یەکەکانی توێژینەوەکەی کە بەهۆی ڕەفتاری لادانەوە لە دەزگا چاکسازییەکان ڕاگیراون، پێشتر لە لایەن باوانیانەوە ڕەتکراونەتەوە.(أبوخير، ١٩٨٥: ٦٤) بەمەش دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی شێوازی ڕەتکردنەوە لە پەروەردەکردنی مێردمنداڵان دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەفتاری لادان.

### 3- 4-شێوازی دڵڕەقی:

ئەم شێوازە مەمەڵەکردنە خۆی دەبینێتەوە لە دڵڕەقی دایک و باوکان لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مێردمنداڵانیان، کە ترس و تۆقین دەخاتە ناخی منداڵەکە و وای لێدەکات نەتوانێت هەستەکانی دەربڕێت، ئەمەش دووچاری کەم و کورتی و تێکچوونی باری دەروونیان دەکات، باوان کاتێک بە شێوەیەکی بەردەوام دڵڕەق و بێ سۆز دەبن لە مەمەڵەکردن لەگەڵ مێردمنداڵان دۆخێکی نەخوازرا و پڕ لە شڵەژانیان بۆ دروست دەکەن، هەندێکجار مێردمنداڵان بەهۆی توندی مامەڵەی باوانیەوە وا هەست دەکات

لایەنەكانی تری كۆمەڵگا و خێزانەكەی لەگەڵی تووندن و دژایەتی دەكەن، چونكە بێبەش بوون لە سۆز و میهرەبـانی باوانیـانەوە، ئەگەر بیانەوێت داوای پێویستییەك لەدایك و باوكیان بـكەن، هەسـت بە ترسی دەكەن لەوەی سـزا بـدرێن، ئەگەرچـی ڕەنـگە شـایەنی ئەو سزایەش نەبێت و لەگەڵ قەبارەی هەڵەكەی نەگونجێت، واتە باوانی زیـادەڕۆیی دەكەن لە سـزادانی لە پـای هەڵەكـانی. (حمـود، ٢٠١٠: ١٧-٦٥) مـامەڵەی دڵڕەقـی بـاوان شـێوازی هەڵسـوكەوتی جیـاواز لە خۆدەگرێـت وەك داوكـاری بەردەوامـی بـاوان لە مێردمنـداڵان و قەدەغەكردنـی زۆربەی خواسـتەكانیان ئەگەرچـی ڕەواش بـن، كـۆنترۆڵكردنی جوڵەكانیـان، گێچەڵكـردن و سـەپاندنی ڕێسـای تونـد بەسەریان، دەست وەردان لە هەموو كـار و بـاری ژیانیـان و بەپێـی خواسـت ویسـتی خۆیـان ڕێسا و یاسـایان بـۆ دادەنێن، هەمـوو ئەمانەش ڕۆڵی نەرێنی لەسەر كەسایەتی مێردمنداڵ دروست دەكات، وای لێدەكات هەست بە لاوازی و بێتوانای خۆی بكات، بەهـۆی بێ متمانەی و بێ توانای لە پشت بەستن بەخـۆی. (میمـوني فاطمـة و بوسـعیدي خدیجـة) لە توێژینەوەكەیـان كە لە سـاڵی (٢٠١٨)، لە وڵاتی جەزائیر ئەنجامیان داوە گەیشتوون بەو ئەنجامەی ڕێـژەی (٣٤٪) ئەو مێـرد منـداڵانەی ڕاگیـراون دەركەوتـووە باوانیـان شـێوازی مامەڵەی دڵڕەقیان لەگەڵ بەكار هێناوەن. (فاطمة و خدیجة، ٢٠١٨: ٨٣) .

### 3- 5-شێوازی دوورخستنەوە:

ئەو دایك و باوكانەی كە واز لە منداڵەكانیان دەهێـنن و بەچەنـدین شـێوە دژیـان وەسـتاونەتەوە و پشـتگوێیان خسـتوون، پرۆسـەی پەروەردەكردن و پێگەیاندنی نەوەكانیان بە پرۆسەیەكی بێ بایەخ و گاڵتە جارییەوە وەرگرتووە، بـۆیە نەوەكانیـان بە تـایبەت لەتەمەنـی مێردمنداڵیدا هەسـتێكی نائارام و بـێ بەهایـان بـۆ دروسـت دەبێـت، هەروەهـا بە هـۆی دوورخسـتنەوە و لەخۆنەگرتنیـان لە لایەن باوانیانەوە ڕوانینێكی نەرێنیان بـۆ جیهـانی دەرەوەی خێزانەكانیـان دروسـت دەبێـت، وەك شـوێنێكی نائـارام و ناسـەقامگیر سـەیری دەكەن، لەم دۆخەدا باوان بە هۆكاری سەرەكی درووستبوونی مێردمنداڵێكی لادەر دادەنرێن.(مخمیـر، ١٩٩٦: ٩) بەشـێك لە دایـك و باوكان بەچەندین شێوازی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ ڕەفتار لەگەڵ منداڵانیان دەكەن كە گوزارشت لە ویستی دوورخستنەوە لەخۆیـان دەكات، سـەرەنجام ئەم مێردمنـداڵە هەسـت بەوە دەكەن كە كەسـێكی نەویسـتراوە لەلایەن بـاوانیەوە، بـێ ئەوەی هـیچ هەڵەیەكـی كردبێـت، بەڵام بـاوانی گومـان دەخەنە سـەر ڕەفتـاری ئەگەر بە چـاكەش ئەنجـامی دابێـت و بەرژەوەنـدیەكانی لەبەر چاونـاگرن، هەركـاتێكیش بیەوێـت بۆچوونەكـانی خـۆی بسـەلمێنێت بە شـێوەیەكی نـادادپەروەرانە ڕەتـدەكرێتەوە، چـونكە لە بنەڕەتـدا نیـازی دوورخستنەوەیان هەیە، دواجار مێردمنداڵەكە بێ بەش دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەی دروست و پێگەیاندنی كـۆمەڵایەتییەوە. (جـابر، ١٩٩٨: ٣٨) ئاكامی نەرێنی ئەم شێوازە زیاتر دەردەكەوێت كاتێك مێردمنداڵەكە هەسـت دەكـات ئەو كەسـێكی نەگونجـاو و ناپەسـەندە دوورخراوەتەوە لەلایەن باوانیەوە، بۆیە لە ئەنجامدا هەست بە نا ئارامی و شـڵەژانی دەروونـی دەكـات، ئەم هەڵسـوكەوتەش لەگەڵ بەردەوامی دووبارەبوونەوەی بەرەو ڕەفتاری لادانی دەبات.

توێژینەوەی (حمدان بـن عبیـد العتیبـي) كە لەسـاڵی (٢٠١٠) لە وڵاتـی سـعودیە ئەنجـامی داوە گەیشـتووە بەو ئەنجـامەی زۆربەی ئەو مێردمنداڵانەی لە دەزگا چاكسازییەكانی شاری (الریاض) بەند كراون بەهۆی نەمانی چاودێری و دوورخستنەوەیان لە لایەن باوانیـانەوە كەوتونەتە سەر شەقام، بۆ دەستەبەركردنی پێداویستییەكانیان ڕێگای نەشیاو و لادانیان گرتۆتەبەر. (العتیبي، ٢٠١٠: ٦٤)

### 3- 6-شێوازی فەرامۆشكردن:

ئەگەر چی سەرەتاكانی تەمەنی منداڵی هەستیارترین قۆناغە بۆ گەشەی كۆمەڵایەتییان، بەڵام كاتێك بـاوان بەشـێوەیەكی بەردەوام وا مامەڵە لەگەڵ منـداڵەكانیان دەكەن كە نە گونجـاو بـێ بـایەخن و فەرامۆشـیان دەكەن، لە و كـاتەی كە منـداڵەكە بەتەنهـا پشـت بە خێزان و باوانیەوە دە بەستێت بۆ وەرگرتنی ڕێنماییە پەروەردەیەكان، بۆیە بە بـایەخ پێنەدانی بۆشـایەك لە پرۆسـەی پەروەردەكـردن و پێگەیاندنی دروست دەبێت، بەهۆی كەمتەرخەمی باوانی لە فێركردن و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری شیاو و خـوازراو، بەگشـتی زۆر جـار ئەم شـێوازە نادروسـتە بە هـۆی زۆربـوونی ژمـارەی منـداڵان و پێرانەگەیشـتنی بـاوان بە پەروەردەكردنیـان ڕوودەدات، لەدیارترین ڕوڵەتەكانی بریتییە لە هەوڵدانی بەردەوامی مێردمنداڵان بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی و ڕاكێشـانی سـەرنجی دەوروبەر بۆخۆیان هەتا ئەگەر بەڕەفتاری لادانیش بێت. (الجلالي، ٢٠١١: ٣٤٢) هەروەها فەرامۆشـكردن و پشتگوێخسـتنی مێردمنـداڵان لە لایەن بـاوانیەوە بـریتییە لە ئامـادەنەبوونی یەكێـك لە بـاوانی مێـرد منـداڵەكەیە لە پێكهـاتەی خێـزانەكەدا جـا بە هەر هۆكارێـك بێـت لە هۆكارەكانی دابڕانی باوان لە خێزانەكانیـان وەك: كـۆچكردن، جیـابوونەوە، نەخۆشـی درێژخـایەن و مـردن. كاتێـك یەكێـك لە دایـك یاخود باوك ئامادەنەبوون و بەشدارنەبوون لە پرۆسەی پەروەردەكردن و پێگەیاندنی مێردمنداڵان یەكێكیان بەتەنها ناتوانێـت پەروەردە و كۆنترۆڵی خیزانەكەی بكات بەتایبەت ئەگەر ژمارەی ئەندامانی خێزانەكەیان زۆربن، بـۆیە ناچـار هەنـدێكیان فەرامـۆش دەكـات و لە هەمان كاتیشدا مێردمنداڵ، چونكە تەمەنی پێگەیشتنیان هەستیارە بە نەبوونی چـاودێری خێزانـی لەسـەریان ڕەنـگە خێراتـر دووچـاری

ڕەفتاری لادان و تاوانکاری دەبن. (ابو النیل، ١٩٨٥: ٥٠) بۆیە دەکریت بڵێین مێردمندالان کاتێک باوانی کاتیان بۆ تەرخان ناکەن و بایەخیان پێنادەن دەگەڕێن بەدوای شوێنگرەوەیەک بۆ ئەوەی پێویستییەکانی بەدەست بهێنێت، لێرەدا هەڵسوکەوتی نا ئاسایی دەکات و دەچێتە پاڵ هاوڕێ و کەسانی خراپ ئەو ئارەزووانەی بەهۆی فەرامۆشکردنی بەدی نەهاتوو لەگەڵ کەسانی تر هەوڵی بەدی هێنانیان دەدات، بەتایبەت کاتێک هاوڕێ خراپەکان هانی دەدەن بۆ کۆمەڵێک ڕەفتاری لادەرانە کە پێچەوانەی بەها و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانن، سەرنجام دەبێتە کەسێکی لادەر و تاوانکار.

(جمال بولبینت) لە توێژینەوەکەیدا لە ساڵی (٢٠١٨)، لە ولاتی جەزائیر ئەنجامیداوە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ڕێژەی (١٨.٢٧٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی لە پرۆسەی پەروەردەکردن لەلایەن باوانیانەوە پشتگوێخراون. ( بولبینت، ٢٠١٨: ١٩١)

### 3- 7-شێوازی زیادە پاراستن:

بەشێک لە دایک و باوکان بە ناوی مێردمنداڵەکانیانەوە لە جیاتی ئەوان ئەرکەکانیان جێ بەجێ دەکەن لەگەڵ ئەوەی توانای ئەوەیان هەیە بۆخۆیان ئەنجامی دەن، بەڵام باوانی دەرفەتی ئەوەیان پێنادەن، ئەگەرچی لەوانەیە بەمەبەستی پاراستن و پەرۆشیان بێت بۆی، بەڵام ئەم شێوازە ڕۆڵی خراپی لەسەر داهاتووی مێردمنداڵەکە دروست دەکات وای لێدەکات لە دواڕۆژدا نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون و تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵگا لە لای کارێکی قورس دەبێت، هەروەها ئەم جۆرە مامەڵەیە ڕەتکردنەوەی پێگەی مێردمنداڵەکەیە، چونکە وای لێدەکات هەست بکات دایک و باوکی هیچ هیوایەکیان پێی نییە بەکەم لە تواناکانی ئەڕوانن، بەمەش هەستی خۆ بەکەم زانینی لا دروست دەبێت. (الوسوقی، ١٩٧٩: ٣٤٥) زیادەڕۆیی لە پاراستن و گرنگیپێدانی باوان بە مێردمنداڵان دوورخستنەوە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیان جۆرێکە لە شێوازی پەروەردەی نادروست، لەم دۆخەدا مێردمنداڵان لەکاتی ئامادەنەبوونی باوانیەوە لە بچووکترین دەرفەت دەگەڕێت بۆ ئەوەی کەسێکی تر بدۆزێتەوە و پشتی پێببەستێت بۆ بەدەستهێنانی خواست و پێویستییەکانی، کە لە بنەڕەتدا ئەم ڕەفتارە هەڵەیە، چونکە دەبێتە هۆی نەمانی توانای خۆڕاگری مێردمنداڵەکە، ڕۆڵی لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بە ئاشکرا دەردەکەوێت و هەمیشە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەزموونی نوێ و ئەو کارانە دەدات کە باوانی بە درێژایی تەمەنی ڕێگریان لێکردوە ئەنجامی بدەن.ئەمەش رەنگە توشی بڕیار و ڕەفتاری هەڵەی بکات لەوانەیە توشی لادان بێت.

توێژینەوەی ( محمد شیخ حمود)، کە لەسالی (٢٠١٠) لە پارێزگای دیمەشق ئەنجام دراوە، گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕێژەی (٢١.٠٧٪) یەکەکانی توێژینەوەکەی شێوازی مامەڵەی چاودێری زیادەیان لەگەڵ پەیڕەو کراوە، بۆیە دواجار دووچاری ڕەفتاری لادان هاتوون. (حمود، ٢٠١٠: ١٧-٥٦) .

### 3- 8- شێوازی زۆر نازپێدان:

مەبەست لەم شێوازە پەرۆشی ڕادەبەدەری باوانە بۆ مێردمنداڵانیان، بەهۆی خەمخۆری و پەرۆشیان بۆ نەوەکانیان، هەر داواکاری و خواستێکیان هەبێت جا ڕەوا بێت یاخود نارەوابێت بۆیان بەدی دەهێنن، لەگەڵ بەردەوامبوون و ڕاهێنانی مێردمنداڵان بەم شێوەیە فێری ئەوە دەبن کە هەرشتێکیان بوێت ئەبێت بۆیان دەستەبەر بکرێت و نابێت داواکاریەکانیان ڕەتبکرێتەوە، هەروەها زۆرجار باوان چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکەن و سەرزەنشتیان ناکەن بە بیانووی خۆشەویستنیان. (الموسوي، ٢١٠٥: ٥٠٦) ئەم شێوازە پەروەردەکردنە هیچ مەترسییەکی کەمتر نیە لە شێوازەکانی تری پەروەردەی خێزانی نادروست لەبەر ئەوەی مێردمنداڵەکە ناتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری ببەستێت و ناتوانێت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی ژیان ببێتەوە، چونکە بەهۆیی نازپێدانی زۆری باوانی ناتوانێت لەسەر پێی خۆیی بوەستێت و گرفتەکانی چارەسەر بکات. (موسی، ٢٠٠٣: ٧٣)

توێژینەوەی ( العربي عطاء الله) لە ساڵی (٢٠٠٢)، لە وڵاتی (قطر) ئەنجامدراوە، لە بەراوردکردنی نێوان مێردمندالانی ئاسایی و مێردمنداڵانی لادەر بۆی دەرکەوتووە ،کە بەشێک لە مێردمندالانی لادەر نازی زۆرتریان پێدراوە بە بەراورد بە مێردمندالانی ئاسایی واتە باوانیان زێدە ڕۆیان کردووە لە نازپێدان بە نەوەکانیان سەرنجام لەدەستیان دەرچوون و نەیانتوانیوە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان کۆنترۆڵ کەن. ( عطاء الله ، ٢٠٠٢: ١٨٣)

### 3- 9-شێوازی لێبوردنی لەڕادەبەدەر:

لێبوردنی لە رادەبەدەری دایک و باوکان لە بەرامبەر هەڵەکانی مێردمندالانیان، دووچاری بێ هەڵوێستی و نابەرپرسیاریەتیان دەکەن، زۆرجار باوان پێیانوایە خۆشویستن و پەروەردەکردنی مندالانیان ئەوەیە کە بەرگەی کاری خراپیان بگرن، بەڵام ئەو

بۆچوونەیان ڕێگر دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەلایەتی مێردمنداڵان دەبێت لێبوردن و لێخۆشبوون بە ڕادەیەک بێت کە مێردمنداڵەکە هەست نەکات لەبەرامبەر هەموو هەڵەیەکی لێخۆشبوون هەیە و سەرزەنشت ناکرێت، چونکە کەسانی تری کۆمەڵگا ئامادەیی ئەو ئاستە لێبوردەیان نییە کە مێردمنداڵەکە هەر لەسەرەتایی تەمەنییەوە لەسەری ڕاهێنراوە، بۆیە ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێت و مێردمنداڵەکە بەرگەی سەرزنشت کردن و سزا ناگرێت، لە کۆتایدا ڕەنگە ناکۆکی و لادانی کۆمەڵایەتی لێوە دروست ببێت. (البلوي، ٢٠١١: ١٠) توێژینەوەی (باسمە حسن خالد)، کە لە ساڵی (٢٠١٧) لە وڵاتی (فلسطین) ئەنجامدراوە گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕێژەی (٤٧٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەی شێوازی مامەڵەی لێبوردەی ڕادەبەدەریان لە گەڵ بەکارهێنراوە، لەسەرتای تەمەنیانەوە باوانیان هەمیشە لێبوردەبوون لەگەڵیان، بۆیە دواتر نەیانتوانیوە کۆنترۆڵیان بکەن بەمەش دووچاری ڕەفتاری لادانی هاتوون. (خالد، ٢٠١٧: ٦٥)

### 3- 10-شێوازی جیاکاری:

ئەم شێوازە خۆیی لە جیاکاری لەنێوان مێردمنداڵان دەبینێتەوە لەلایەن باوانیانەوە لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز یان ڕیزبەندی، کاتێک دایک و باوکان گرنگی و بایەخی زیاتر بە منداڵێکیان دەدەن بە بەراورد بە ئەوانی تر، دەبێتە هۆیی دروست بوونی هەستی ئیرەیی و ڕەفتاری شەڕانگێزی لای بێبەشکراوان و دروست بوونی هەستی خۆبەزڵ زانین و لەخۆباییبوون لە لایەن ئەوانەی بایەخی زیاتریان پێدراوە، هەروەها زۆربەی توێژەران پێیانوایە بەشێک لە دیاردە بزێ و ناپەسەندەکانی ناو کۆمەڵگا وەک: ئاڵودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لادانی سێکسی دروست دەبێت، نەگونجان لە کۆمەڵگا بەهۆی مامەڵەی جیاوازی باوان لەنێوان ئەندامانی خێزان. واتە باوان جیاکاریان لە پێدانی نازو خۆشەویستی لە نێوانیان کردووە هەر ئەمەش هانی داون بۆ لادان و ڕەفتاری نەشیاو. ( الجلالي، ٢٠١١: ٣٤٤) هەروەها بەشێک لە دایک و باوکان جیاکاری لەنێوان کچ و کوڕەکانیان دەکەن، بەجۆرێک هەندێک لە باوان لەگەڵ کوڕەکانیان میهرەبان و نەرمترن لە مامەڵەکردن لەگەڵیان زیاتر بایەخ بە داینکردنی پێداویستییەکانیان دەدەن بە بەراورد بە کچەکانیان، ئەم شێوازە جیاکارییە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی، ترس و دڵەڕاوکێ لە ژیان، ئیرەیی و ڕەفتاری دووژمنکاری لە لای مێردمنداڵان هەموو ئەمانەش باری دەروونی تێکدەدن، ڕەنگە لە ئەنجامدا ببێتە کەسێکی خۆویست و سەرەڕۆ و لادەر. (محمد، ٢٠٠٨: ٥٠٧) ئەم شێوازە لەو کاتەدا زیاتر ڕۆڵە نەرێنیەکانی لەسەر مێردمنداڵ دەردەکەوێت کە دایک و باوکی زیاتر گرنگی بە کەسێکی تر دەدەن، هەمیشە براکانی یاخود خوشکەکانی لەخۆی باشتر دەبینێت لەڕووی پێگە و سیفەتی کەسی، بۆیە هەستی خۆبەکەم زانین و بێ بایەخ لە لای دروست دەبێت.

توێژینەوەی (هناء خالد سالم الرقاد) لە ساڵی (٢٠١٣) لە وڵاتی (مصر) ئەنجامی داوە گەیشتووە بە و ئەنجامەی پەیوەندێکی نەرێنی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی جیاکاری باوان لە نێوان منداڵانیان و لادانی مێرد منداڵان. (الرقاد، ٢٠١٣: ١٧٠)

### 4- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی توێژینەوەی ڕۆڵی شێوازەکانی پەروەردەی نادروست لەسەر لادانی مێردمنداڵان، دەتوانین بگەین بەچەند ئەنجامێک بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی توندوتیژی جەستەیی یان هێمایی یان زارەکی لە پرۆسەی پەروەردەکردن لەلایەن باوانەوە ڕۆڵی هەیە لەسەر لادانی مێردمنداڵان. .
2. جیاکاری لە مامەڵەکردن لەنێوان منداڵان لە لایان باوانیانەوە یاخود فەرامۆشکردنیان وەکو شێوازێکی پەروەردەی نادروست لە خیزاندا دەبێتە هۆی لادانی مێردمنداڵان.
3. بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی دڵڕەقی یان دەسەلاتخوازی یان ڕەتکردنەوە لە لایەن باوانەوە ڕۆڵی هەیە لەسەر تێکدانی لایەنی دەروونیان و دروست بوونی ڕەفتاری لادان لە نێوانیان.
4. نازپێدانی زۆری باوان بۆ مێردمنداڵانیان یان لێبوردنی لە ڕادەبەدەر لەهەڵە و کردارە نادروستەکانیان دەبێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتییەکی نا هاوسەنگ و لاواز کە توانایی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی نییە لە دوارۆژدا، ئەمەش لەئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەفتاری لادان و تاوان لەلای مێردمنداڵاندا.

### 5- پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

1. پێویستە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەڕێگای دەزگا میدیاییەکان و پیاوانی ئاینی باوان ئاشنا بکرێن بە گرنگی و جۆری شێوازەکانی پەروەردەی دروستی باوان و ڕۆڵی لەسەر دواڕۆژی مێردمنداڵان.
2. پێویستە دامەزراوە چاکسازییەکان ڕۆڵی کارا بگێڕن لە دووبارە چاکسازی و ڕاهێنانەوەی مێردمنداڵی لادەر بەمەبەستی گۆڕینی کەسایەتیەکەی لە کەسایەتێکی نا کۆمەڵایەتی بۆ کەسایەتێکی کۆمەڵایەتی و ڕێگری کردن لە دووبارە کردنەوەی ڕەفتاری لادانیان.
3. پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بدات بە کردنەوەی خوولی ڕاهێنان و فێرکاری بۆ مێردمنداڵان بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە و دوورخستنەوەیان لە ڕەفتاری لادان و تاوانکاری.

### 6- سەرچاوەکان:

#### 6-1- سەرچاوە کوردییەکان:


- عومەر، مەعەن خلیل، میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، و: محمد حسین شوانی، چاپخانەی ئارێز، هەولێر، ٢٠١٢.
- قادر ، ڕزگار محمد قادر، چەند وانەیەک لە تاوانناسی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠.
- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- کەریم ، ستار باقی ، کۆمەڵناسی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٤.
- بیرداود ، زانا احمد ، علاقة التفكك الأسري بإنحراف الأحداث، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد ( ٤ ) العدد ( ٤ )، خريف ٢٠١٩.جامعة لبنان فرنسية اربيل، ٢٠١٠.
- عبدالله ، کامران جوهر عبدالله، ئامادەنەبوونی باوان و ڕۆڵی لەسەر لادانی مێردمنداڵان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە شاری هەولێر، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (٦)، ژمارە(٣)، هاوینی (٢٠٢١).
- قانون نظام الاصلاح الاجتماعي فى اقليم الكردستان العراق، و: م زانا احمد پیرداود و دیدار ئەبوزێد، ٢٠١٢.


#### 6-2-سەرچاوە عەرەبییەکان:


- النفيعی، عابد عبدالله، أثرأساليب معاملة الوالدية على بعض الأساليب المعرفية لدي عينة من طلاب و طالبات جامعة أم أتمرى، مجلة جامعة للعلوم التربوية و النفسية و الأجتماعية، العدد (١٠)، مجلة (١٦)، ١٩٩٧.
- ابو النيل، محمود السيد، علم النفس الاجتماعى، الجزئ الثانى، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.
- ابو خير، عبدالكريم قاسم، أساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الأبناء وعلاقتها بالاضطرابات السلوكية، رسالة ماجستير، جامعة أم القري، مكة مكرمة، ١٩٨٥.
- ابو عوف، طلعت محمد محمد، الأسرة و الابناء الموهوبون، العلم والأيمان للنشر و التوزيع، الاسكندرية، ٢٠٠٨.
- بولبنيت، جمال، أساليب التربية الأسرية و جنوح الأحداث، (مجلة أفاق للعلوم، جامعة الجلفة، مجلد (١)، العدد (١١)، جيجيل، ٢٠١٨.
- جابر، عبدالحميد، النظريات الشخصية- البناء- الديناماتـ- النمو- طرق البحث- التقويم، دار النهصة العربية، القاهرة، ١٩٩٠.
- جابر،نصرالدين ،إنعاكسات التقبل و الرفض الوالدين على تكليف الأبناء في فترة المراهقة، مجلة العلوم الأنسانية جامعة مشتورى- قسنطينة، الجزائر، العدد (٩)، ١٩٩٨.
- الجلالي، لمعان مصطفى، التحصل الدراسي، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١١.
- حسن، احمد عبد المنعم، أصوال البحث العلمي -الجزء الاول ، المكتبة الاكاديمية، القاهرة،١٩٩٦.
- حمود، محمد الشيخ، أساليب معاملة الوالدية كما يدركها الأبناء الأسوياء و الجانحون- دراسة ميدانية مقارنة في محافظة دمشق، مجلة جامعة دمشق، العدد (٢٦)، مجلة (٤)، دمشق، ٢٠١٠.
- حميد، زغير رشيد، الأنحراف و الصحة النفسية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٠.
- خالد، باسمة حسن ، اساليب المعاملة الوالدية والا تجاهات نحو تعليم الأبناء وعلاقة ذلك بالتحصيل الدراسي لدى طلبة المدارس الثانوية الحكومية في محافظة قلقيلية، رسالة ماجستير، الجامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، نابلس، ٢٠١٧.
- خالد، باسمه حسن، أساليب المعاملة الوالدية والاتجاهات نحو تعليم الأبناء وعلاقة ذلك بالتحصيل الدراسي لدى طلبة المدارس الثانوية الحكومية، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، قسم التربية، فلسطين، ٢٠١٧.
- الخشاب، مصطفى ، دراسات فى الاجتماع العائلى، دار النهضه العربية للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٨١.
- الرقاد، هناء خالد سالم، علاقته العمليات الوالدية بانحراف الاحداث، مجلة بحوث التربية النوعية، المجلد(٨٧٥) العدد(٣١)، مصر، ٢٠١٣.
- الرمادية، محمد عود ،علم النفس العام، ط٣، دار المسيرة للنشر و التوزيع،عمان، ٢٠٠٨.
- السبعاوي، فضيلة عرفات، الخجل الاجتماعي و علاقته بأساليب المعاملة الوالدية، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠١٢.
- السدحان، عبدالله ناصر، قضاء وقت الفراغ وعلاقته بانحراف الأحداث، المركز العربية للدراسات الأمنية و التدريب بالرياض، ١٩٩٤.
- السيد، سمير أحمد، علم الاجتماع التربية، ط٢، دار الفكر العربى، القاهرة، ١٩٩٣.
- الشرقاوى، انور محمد، أنحراف الأحداث، ط٢، مكتبة أنجلو، القاهرة، ١٩٨٦.

- العتيبي، حمدان بن عبيد، تجربة الأسرة البديلة لرعاية الأحداث من الأنحراف- دراسة تشخيصية من وجهة نظرة الأخصائيين الاجتماعيين، رسالة ماجستير، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم الاجتماعية، الرياض، ٢٠١٠.
- عثمان، نزهة محمد، المعاملة الوالدية و علاقاتها في ظهور العدوان لدي الأطفال، المجلد جامعة سبها العلوم الأنسانية، مجلد (١٤)، العدد (٢)، ليبيا، ٢٠١٥.
- العجمى، سعيد عرفان، علاقة بعص سمات الشخصية بانحراف الاحداث في مدينة الرياض، رسالة ماجستير، جامعة النايف العربية للعلوم الأمنية- كلية دراسات عليا قسم العلوم الأجتماعية، ١٤٢٦هــ.
- عطاء الله، العربي، مفهوم الذات لدى الأحداث الجانحين وغير الجانحين في المجتع القطري، مجلة التربية، مجلد (٣١)، العدد ( ١٤٣)، قطر، ٢٠٠٢.
- عكاشه، رائد حميله و زيتون متدر عرفات، الأسرة المسلمة فى ظل التغيرات المعاصرة، المحهد العالمى للفكر الأسلامى، ٢٠١٥.
- فاطمة، ميمونى و خديجة، بوسعيد ، أثر أساليب المعاملة الوالدية الخاطئة في جنوح الأحداث- دراسة ميدانية بمركز إعادة التربية-أدرار، رسالة ماجستير، جامعة أحمد دراية أدرار، كلية العلوم الإنسانية و الإسلامية، قسم العلوم الأجتماعية،الجزائر، ٢٠١٧.
- فيريول، جيل، معجم مصطلحات علم الاجتماع، ترمية أنسام محمد الاسعد، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠١٠.
- قواسمية، محمد عبدالقادر، جنوح الأحداث في التشريح الجزائري، المؤسسة الوطنية للكتاب، الجزائر، ١٩٩٦.
- الكتانى، فاطمة المنصر، القلق الأجتماعى و العداوانية لدى الأطفال و العلاقة بينها و دور كل منهما في الرفض الأجتماعى، دار وضى العلم، بيروت، ٢٠٠٤.
- الكندري، احمد مبارك، علم النفس الأسرى، منشورات ذات السلاسل، الكويت، ١٩٩٢.
- محمد، نائل عبدالرحمن و هيفاء أبو غزالة، المبادئ العامة للدفاع الاجتماعي،دار النشرتاوى، الأردن، ١٩٨٣.
- المرى، جابر على و محمد انور محروس، مدى تأثير علاقة الوالدين فى جنوح وانحراف الأحداث فى دولة الكويت، (مجلد Journal of Environmental Studies and Researches، العدد(٧)، الكويت، ٢٠١٧.
- مصطفى، محمد محمود، الدفاع الاجتماعي، النظرية والممارسة، مكتبة عين شمس، القاهرة، ٢٠٠١.
- المطيري، عبدالحسن عمار، العنف الأسرة و علاقته بالاحداث الجانحيين- لدي نزلاء دارالملاحظة الاجتماعية بمدينة الرياض، رسالة ماجستير، جامعة نايف العربيةللعلوم الأمنية، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم الأجتماعية،الرياض،٢٠٠٦.
- مخمير، عماد محمد، أدراك و القبول و الرفض الوالدى و علاقته بالصلابة النفسية لطلاب الجامعة، مجلة دراسات النفسية تصدر عن رابطة الأخصائين النفسى، مجلد (٦)، العدد(٢)، مصر، ١٩٩٦.
- الموسوي، رغد ابراهيم عباس ، مفهوم الذات و علاقته بأساليب المعاملة الوالدية، مجلة الادب، العدد (١١٢)، بغداد، ٢٠١٥.
- موسى، مونى نجيب، أساليب المعاملة الوالدية للأطفال الموهوبين، رسالة ماجستير، جامعة حلوان، كلية الخدمة الأجتماعية،قسم الخدمة الاجتماعية ، ٢٠٠٣.
- نصر، سعيد محمد و أخرون، انحرافات السلوك لدى المراهقين ، المطبوعات بكلية التربية الأمارات العربية المتحدة، الأمارت، ١٩٩٣.
- النعامة، سليم، سايكولوجيا الانحراف، مكتب الخدمات الطباعية، دمشق، ١٩٨٥.
- الوسوقى، كمال، النمو التربوى للطفل والمراهق-دروس في علم النفس الارتقائي، دار النهصة العربية، بيروت، ١٩٧٩.
- عبدالهادى، نبيل، علم الاجتماع التربوي، دار اليازورى للنشر و التوزيع، عمان- الاردن، ٢٠٠٢.
- بدوى، احمد زكى، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.

### 3-6- سەرچاوە بیانییەکان

- B.BARBER; Social Stratification: A. comparative analysis of structure and process (n, y) Harcourt brace world; 1975; p267
- Durning, Boutin,(G), (1999), Les inervenstions aupres des parents: Innovations en protections, de enfance et en education, specialisee 2ed, Dunod, Parise.p7.
- Malewska. Peyre (H) et Tap (p) (sous la dir de), 1991, op cit. p: 9-10.
- McLeod, S. (2020). Behaviorist Approach. Simply Psychology. Retrieved from the link:https://www.simplypsychology.org/behaviorism.html.
- Mustafa BAYRAKCI. (2007). Sosyal Öğrenme Kuramı ve Eğitimde Uygulanması. SAÜ EĞİTİM FAKÜLTESİ DERGİSİ 14. (S.200).
- Rey Alain, et collaborateurs. Le Robert dictionnaire d'aujourd'hui, éd : les dictionnaires Le Robert, Paris, 1993, p
- 1075.Richard, Essor: society, personality& deviant behavior: Holt; Rinehart& Winston; inc;1968, p:23-24.

**دور اساليب التربية الاسرية غير الصحيحة على انحراف الاحداث - دراسة نظرية تحليلية**

**گوڵان جمال جلال**
قسم علم الاجتماع ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان.العراق
gulan.jalal@su.edu.krd

**زانا احمد پيرداود**
قسم علم الاجتماع ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان.العراق
Zana.perdawd@su.edu.krd

**ملخص**

تعد العائلة من أهم قنوات التنشئة الاجتماعية، حيث يتحول الإنسان خلالها من كائن عضوي إلى كائن اجتماعي. يتعلم من خلالها القوانين والقيم والعادات والتقاليد الاجتماعية ، وتمنحه المودة والتعاطف وكذللك الحصول على اهم احتياجاته النفسية والاجتماعية، ليتكيف مع المجتمع ومؤسساته . الهدف من هذه الدراسة هو تسليط الضوء على الأساليب الخاطئة في التربية الأسرية مثل الاستبداد والرفض والعناد والإقصاء والإهمال والحماية و التدليل والتسامح المفرط والتميز والأساليب العنيفة التي لها نتائج سلبية، وتتسبب في انحراف الاحداث عن السلوك السوي. وتظهر اهمية هذه الدراسة من خلال تناول و مناقشة موضوع علمي ومعرفي مهم، وهو يعتبر ظاهرة حية تتعلق بالحياة الاجتماعية لأفراد المجتمع. ومن المؤمل ان يكون مصدراً علميًا مهمًا، لزيادة الوعي بين أولياء الأمور والمؤسسات ذات الصلة ، من أجل القضاء على انحراف الأحداث أو الحد من انحرافهم. والسؤال الرئيسي للدراسة هو ما العلاقة اساليب المعاملة الأسرية غير الصحيحة بالانحراف السلوكي للاحداث؟

**الكلمات المفتاحيية :** دور، ا لاسرة، التربية الخاطئة، الانحراف، الاحداث.

**The Role of Bad Parenting Styles on Adolescent Deviance- An Analytical Study**

**Zana Ahamed Perdawd**
Department of Sociology, college of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Zana.perdawd@su.edu.krd

**Gulan Jamal Jalal**
Department of Sociology, college of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
gulan.jalal@su.edu.krd

**Abstract**

considers the family to be the most essential institute for socialization, in which an individual evolves from an organic being into a social being which capable of learning and being guided by social norms, values, and customs. in this context, the main purpose of this study is to assess the negative effects of bad parenting such as authoritarianism, rejection, inflexibility, negligence, overprotection, pampering, excessive leniency, discrimination and violence on adolescents. The research paper includes of three main parts, with the first focusing on the scope of the project, including problem statement, significance, the purpose of the research, and definitions of the terms employed in the research. The second part focuses on the contribution of erroneous family education strategies to adolescent deviation, while the last part presents the results and recommendations of this research.

**Keywords:** The Role, Family, Upbringing, Deviation, Juvenile.